www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13:01 3-2-2007

## قەپات.. نهێنی و تایبەت!... ئەرسەلان مەحمود

arsalan852@yahoo. com

من (قەڵا) کوڕی (دووزی) کوڕی (المعموره العزیز) کوڕی (الحمیدیه) کوڕی (زمبلی) و دەڵێن باپیره هەرەگەورەشمان تا (572) زاینی ناوی (نامری) بووە.. ڕێگای هاتم نەدیوەو هەمیشە باوەڕم بە نەهات هەبووە، بۆ ئەم مەبەستەش نەوەکانم خەونەکەیان هێنامەدی و ئەوەتا کە دەگەی بەدەروازەکەم بەچەپدا ناوچەیەکی پیشەسازی مۆدرێن و بەڕاستیشدا گۆڕستانێکی هەڵکەوتویان دروست کردوە، ئەوە بۆ ئەوەیە ئەگەرهاتی و سەلامەت بووی بەهۆی شەقق و ڕەققی ڕێگاکەوە بەرلەوەی بێتەباوەشم حەتمەن پێویستیت بە تەعمیرێك دەبی و لەوی چاکسازیت بۆدەکەن، کەمردیشی ئەوە گۆڕستانەکە لەپێشەوەیەو نەوەکانی منیش عورف و عاداتێکی جوانیان هەیە و بەتەپڵ و تووزەلەوە لەماوەی تەنها سی دەقیقەدا ئەتخەنە ژێرخاك، ئەوخاکەی کەلەپشتی خۆی وەرەزە!..



ئەوە سەرەتای ئەوقسەباسەداخراوەی قەلادزی بوو بۆئێمەو دەربارەی ئەوەش بۆچی بۆتە هەڵگری ئەو هەموو ناووناوبانگە.. گوتی:چیتان عەرزبکەم، هەرخۆمان نوکتەبازوو دەمبەخەندەوهەزەلی بووین، زۆریش حەزمان لەدواخستنی ناووناتۆرە بۆ (ئەم و ئەو) هەبووە و زۆرتریش ئەوەی ووتراوە لەخۆشەویستییەوەبووە.. من دیمەنێکی دلڕفێن و پێگەیەکی گرنگم هەیە، هەرحوکم و دەستەڵاتێك بەمناوەدا هاتبێت کە دووژمن بووە لوتیمان شکاندوە و کەدۆستیش بووە نەك هەر ناوشارەکەم بگرە گردووکێوو شاخوداخم نەماوە تیایدا نەگەڕابن و بایەخی زیاتریان بەجوانیەکەی نەدابی. بێپەروا بەردوام لەبەرخۆشیەوە دەیگووت:من زۆر شەکەت و ماندووم، چەندجارشەهیدبوون، زۆرجار برینداربوون، هەرسروشتی خۆشم برێك شەڕانی و بزۆز هەڵکەوتووە، ئەوەتا (یەفەویەکان، تۆرانی و عوسمانیەکان، ڕوسەکان، ئینگلیزو...) هیتد.. لێرە لوتیان شکێندراوە و وێرای بەپەلە دەربازبوون چەندین لەتەرمەکانیان لێبەجێماوو هەربۆ عیبرەت ناوی کۆمەڵی لە گردوو کێوەکانم بەناوی کوژراوەکانیانەوە ناوناوە و تەنانەت من دوای (18) ساڵ لەوەی ئەم بەشەی نیشتیمانم بە عیراقی عەرەبیەوە لکێندرا، ئەوسا توانیانیان من بخەنە سەر ئەو ڕژێمەوو بۆ یەکەمجار لەمێژوومدا ساڵی (1938) داموودەزگای ڕژێمەیەك لەدواییەکەکان هاتۆتە ناوچەکەم، سەرەڕاش دەبی بڵێم یەکەم تەققەی شەڕی خۆبەخۆ و یەکەم مەیدانی سەرهەڵدانەوەی شەڕی چینایەتیش لەسەر دڵی من و بەدەستی نەوەکانی منتەقێندران و دەستیان پێکرد. سەبارەت بەوەش ئاخۆ ئەو مێژووە تاسی و هەشت چی پێبەخشیوە و ئەوەی دواتر چی لێسەندووە، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد"تا 1938 پێشگری ناوەکەمی مەزنترکردووە و ئەوەی دواتریش پاشگرەکەی دزیوو کرد" هەروەها گووتیشی " شتێکی تریشی لێسەندووم، خوشکێکی ژیکەڵەی دایك ئیتاڵیم بەناوی (ئیڤریا) هەبوو، برسی و سەر ڕووت، بەپێی پەتی کە ئەو هەڵلایانە ڕوویاندا هەستا ڕۆیی وئێستاشی لەگەڵدابی نەهاتەوە، ئەگەرچی نەوەکانم چووبوونەلای دوای زۆرتکاو پاڕانەوە کۆمەڵی ملیۆن دۆلای بەواندا بۆمن ناردبوو، گرنگ نییە هێشتاشی لەگەڵدابی هیچم نەدی، خوادەزانی کەهاتنەوە نەوەکانم شەڕێکیان بوو دوای چەند مانگان بەهەزار حاڵ ئاشتبوونەوە و ئەویش نەهاتەوە!!.. سەبارەت بەسەروکاری خۆشی لەگەڵ کوردایەتی ئاوا بۆماندوا" های هوو های هوو، حەك ماڵت خرانەبی.. جاچیماوە نەمکردبی!.. پشتوویەنای هەموانیان بووم، باهەربڵێم کاروانی سەرێگەی شۆڕش بووم، لەسەرئەوەش یەکەم چەکی قەدەغەکراوی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نێودەوڵەتی دواى هێرۆشیماوناکازاکى بەبنسایەو سێبەرى کرملین (دنیاى کەڕو لاڵى ئەوکاتەى وەك ئێستاکە!..) و هاوچەترەکانى ئێرەیانەوە لەسەردڵى من تاقیکرانەوە و پرۆڤەکانى جینۆساد لێرەوە بوو دەستیانپێکرد، داخم ناچى (زاکۆ) مناڵێکى زیتەڵەى چاوگوشمبوو لەباوەشمان خەڵتانى خوێنیانکرد!!.. بەردەوامبوو هێماشى بۆ ئەوە کرد" نەوەشۆرشگێرەکانى وولات هەموو لەباوەشمندابوون نەدەکرا بووەستم و هەربۆیەش کردمەنەرێت هەموو ساڵى لەورۆژە ماتەمدارە ڕاپەڕینم بەرپادەکرد، ڕاپەڕینێك لەوسەردەمە سەرمەشقى گۆڕانێکى نوێبوو لە بزوتنەوەى خەباتى شۆرشگێرانەى جەماوەریدا.. کەلێشمان پرسى بۆچى ڕاگوێزان بەخەمساردییێکەوە گووتى" پیازمانپککردبووکەڕاشگوێزاراین!دڵمان هەرلێرەبوو، ئەوەنییەبەهارى (1991) ڕاپەڕین و تەنانەت نەوەستاین تا (!!!!!!!!) هاوکارى بوونیادنانەوەشمانبکات و بەپێى خۆشمان هاتینەوە، کاکە ڕاستە ئێمە ئەمڕۆ بێنازین بەڵام کى لە ئێمە بەنازترهەیە!.. دەربارەى کەیسەکەشى گووتى"ئەگەرچى ساڵانە یادى 4/24 دەکرێتەوە و ئەویان کردۆتە جۆرێك لەپێوەرى قوربانیدان و ناسنامەو کەیسى من بەڵام لەڕاستیدا ئەوەمن نیم ئەوە دەکەم، ئەوە حیزبە حیزب.. حیزب بۆخاترى تەبلیغاتى خۆیوو بەخاترى ئەوەش حیزبۆکراتى خۆیمان پێبفرۆشێتەوە ئەوە دەکەن ئەگینا من گرفتارو ماڵێوێرانى تەرحیلم تەرحیل، ئەو کەیسى منە.. چیترنامەوى لە 4/24 دا بێن و ئاوڕشێنى تەلارى ئەو درۆیانەبکەن کەبالایان هێندەى بالاى قەلاتیمنە!.. دەربارەى نەخشەوپلانى دەستەلات و پێشنیاراتى خۆیشى هێماى بۆ ئەوەکرد" لێگەڕى قوربانتبم، ئەوانە هەرمن دەزانم لەشاخ وداخ زۆرماندووبوون، بەخاترى خوا لەخەویانمەکەو بائاهێکیان بێتەوەبەر، لێگەڕى منگرفتێکى ئەوتۆم نییە، ئەوەى هەیە نۆرماڵەو مادام سەرچاوەسروشتیەکانى ئاوکەمکەمە ماون سەرچاوەى ئاوى ژێرزەوى پڕۆژەداروشتى لەجۆرەم بۆچییە، کەهەرنیمە باهەرنەبێت، مادامێکیش دەستم بەمۆلیدەڕادەگات و ئێستاش تاقەتێکم تیاداماوە کارەباى حکومیشم هەرناوى، بۆسوتەمەنیش بەگشتى ئەوە لووتم بەلووتى ئێرانەوەیەو هەمیشە لەهەمووتان هەرزانتردەکڕم، ئى قوتابخانەو کتێبخانەشم هەرناوى ئەوە بەندیخانە و لەبەرامبەر هەرقوتابخانەیەك لەسنورەکە بەگشتى بیست تاسى مزگەوتم هەیە، ئێمە خەڵکێکى میواندۆستین میوانخانەشمان هەرناوى، بۆ مەسەلەى پارك و یاریگا و یانەجیاجیاکان لێگەڕێن نەوەکانمان بەدخوومەکەن، ئەوەى حەزى لەمەلەوانییەبابڕواتەزى و چایخانەیەکیشم بۆدۆمینەوکات بەسەربردن کردۆتەوە و چییان دەوى گەنجەکانمان وەڵلا هەموویان قەپاتن، 47 ساڵ لەمەوپێش ئەوانەمان هەبوو خێرێکى ئەوتۆیان نەدایەوە".. سەبارەت بەرێگاوبانیش لەدرێژەى قەسەکانیدا گووتى"لەساڵێکدا تەنها لەشوێنێك بۆ زانیارى زیاتر درووست لەدەروازەى شارەوە، زیاتر لە22 ڕووداووى جۆراوجۆرو دڵتەزێن ڕوویانداوەو ئەمەش زیاتر خەتاى ناشێى و خۆشڕۆیى خەڵکەکەیە، باهێواشبن چییەکاکە من لەبیرمە ئەلێرەوە بەپى دەڕۆیشتین تابەغدا.. خۆهەرمنیش بەشى هەرەزۆرى فەرمانگەکانم کرێچى نین ئەوەتا حیزبەکانیش نەك هەر لێرە بگرە لەسەرتاسەرى وولاتدا کرێچین.. لەدواقسەشیاگووتى داواکارم ڕۆژى ڕاگوێزان بکرێتە ڕۆژوسالیادى یادکردنەوەوکەیسى سەرەکیمن و 4/24 بابکرێتە ڕۆژى خوێندن لەسەرتاسەرى کوردستان و منیش بخریمەوە سەرهەرێمى کوردستان چونکە تائێستاش ناوچەکەى من بەناوچەى قەدەغەکراوئەژماردەکرى و لەدەربەندەوەمن بەدەرەوەى هەرێم حسابم!..

Arsalan74@skype. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.